

# ئەفراندنی گەندەڵی

هەڵدەسەنگاند. دواجار هەتا بلۆکی سۆڤییەت ئاوا نەبوو، ئەو ڕەخنەگرە لەو «ڕیالیزمی سۆسیالیستی»یە ماڵئاوایی نەکرد. مخابن گشت ئەو بەزمانەش بە ڕێگای شارەزاییەکی کرچ و کاڵ لە زمانی عارەبیی و فارسییەوە وەردەگرین، ئەوجا دێین بە منەتەوە دەقی ئەدەبیان پێوە لە قەپاندەدەین. دواجاریش وەک پرۆسەیەک هەمیشە نەوەکانی دوای خۆمان بەو دیاردە ڕۆشنبیرییە نیوەچڵانانەوە گۆشدەکەین.

ئەو دیاردەش یەکێکە لەو هۆکردە سەرەکیانەی کە وایکردووە، ڕەخنەی کوردی لە ئاستی هاوڕێبازیی، پێربازی و ... هتد قەتیس بمێنێت. هەر بۆیە ئێستا دەبینین، کە کۆمەڵێک لەو تاقمە ڕەخنەگر و شاعیرە، وەکی پێرێکی قومارباز هاومەبەست یان «سێکت»گەلێک لە بەشی «ئەدەب و هونەر» یان «ڕۆشنبیریی» ڕۆژنامە حیزبیی و «سەربەخۆ»یەکاندا، بە تایبەتیی و گۆڤارە دەڤەریی و شارەکاندا کۆبننەوە و ڕۆژانە خەریکی پیاهەڵدان، وێناکردنی «داهێنان»ی بێوێنەی یەکتربن. جێگەی سەرنجە، کە پەیوەندییە پێرگەراییەکانی ئەو ڕەخنەگر و ئەدیبە لێکجوودایانە، لەو دوو سێ شارەی کوردستاندا، لەگەڵ یەکتردا دابراو یان قەتیسماون. لە ئاکامی ئەوەشدا لە هەر یەک لەو شارانە و ناو ئەو شارانەشدا، هەر کۆمەڵە شاعیر، چیرۆکنووس و ڕۆماننووسێک وەک یەکتر بنووسن. لێرەوە ئەوانەی کە لە دەرەوەی ئەو دوو سێ شارەن، لە گوند و شارۆچکەکاندا دەژین ناچارن لە خەمی ئەوەدا بن لەناو یەکێک لەو پێرانەدا قەبووڵ بکرێن، تاکوو جارێک دەقێکیان بۆ بڵاوبکەنەوە، بانگهێشتی «فیستیڤال»ێک بکرێن، «خەڵات»ێکیان بەرکەوێ. بەمجۆرە تاقمێک لەوانە سەرگەرمن بە شیعری «مۆبایلە تەلەفۆن»، ئەویتر مەستە بە نووسینی شیعری «ئاشقانە»، یەکێکی تر، کە گوایە دوا نوێگەرە، بە شیعر و ڕۆمانی «فەنتازیا» و «حیکاتاندنی زمان» سەرگەرم بێت... هتد. لێرەوە ئەگەر تۆی خوێنەر و نووسەر هاوڕێ و وابەستەی ئەو پێرگەراییەی ئەدیب و ڕەخنەگرانە نەبیت، ئیتر نەک نە هەر هەوڵدەدەن لە لاپەرە «ڕۆشنبیریی» و «فیستیڤاڵ»ەکانیان پەراوێزت بکەن، بهڵکوو بێزیشت لە کردەی نووسین و ڕۆشنبیرییش ببێتەوە.

کێشەش لەوەدایە، کە ئەو ڕەخنەگرە چەمکبازە، پێچەوانەی ڕەخنەگرە نەریتگر و ڕووخێنەرەکە، لەبری ئەوەی بە زمانێکی ڕاستەوخۆ و خەملیوو یان بوێرانەوە دەقەکانی ئەو پێرانەی خۆیان، کە سەرۆکی سەرۆکەکانی بەشی «ڕۆشنبیریی» بە ڕادانیان داوە، بۆ بناسێنێ، کەچی سەرەتا بە پێشەیەکی فرەگۆو ئاڵۆزکراو بەچەمکەکانەوە دەستپێدەکا و وێجا بە زمانێکی لەچکدار و فەلسەفێنراو دێتە سەر دەقەکە. دواجار کە خوێنەر بە ناچاری تەواو دەبێت، نازانێ لە کوێوە بچێتە ناو دەقەکەوە، لە دەقەکە تێبگا و لە کام کون و دەرگای ئەو زمانە ڕەخنەییە قۆقزەشەوە دەرباز بێت. بۆیە زۆر جار خوێنەر کە ئەو «ڕەخنە»، «خوێندنەوە کۆکتێلانە دەخوێنێتەوە، هەستدەکا کە ڕەخنەگر کۆمەڵێ دەستەواژە و قسە نمایش دەکا کە کەم و زۆر پەیوەندی بە دەقەکەوە نییە، هەر یەکە و بە ئاوازێک هەڵدەپەڕن.

هەر بۆیە لەو پرۆسەیەدا بەهای ئەدەب و ڕەخنەگریش لە کن دەسەڵات و هاووڵاتیان، نەک هەر ڕەنگدانەوەیەکی نەبێ، بەڵکوو بە سووکیش سەیر بکرێ.

بە کورتی، هەروەک ئێمە لە وتاری «مەسعوود محەمەد؛ ئێستێتیکای شوازاندنی هزرێکی خۆکرد» ئاماژەمان پێکردبوو، کە دۆخی ڕۆشنبیریی و ئەدەبیشمان، وەک دۆخی سیاسیی و بەرپرسیارانمان، کووشتەی پێربازیی و بە هەرمێنکردنی بەهای، بەتیلخۆریی، قۆرخکردنی بواری ڕۆشنبیریی؛ داهێنانی گەندهڵییە.

کەواتە ڕەخنەگری دوێنێ و ئەمرۆی کورد وا دەزانێ ئەگەر لەو ڕوانگانەی کە بوونەتە مۆدە ڕەخنە لە دەقێک نەگرێ، کەواتە نابێتە نوێگەر و ماعلان. لە کاتێکدا ڕەخنەگرێکی چاک و وردبین مەرج نییە تەنیا بەو ڕوانگە بە هەرمێنانەی ئەمرۆوە نوێگەر بێت، بەڵکوو دەتوانێ لە ڕوانگەی خۆیەوە جوانترین ڕەخنە یان خوێندنەوە لەسەر دەقێک بنووسێ. بە کورتی کێشەی ڕەخنەگری کوردی دوێنێ و ئەمرۆ بە گشتی لەسەر «ڕێسێپت»، ڕێنمایی و قالبێکی حازربەدەستدا، دەق بپێوێ. بەمجۆرە، بۆ نموونە لە حەفتا و هەشتاکاندا ڕەخنەگری کوردی پیاهەڵدان و گەورەکردنی چەند نووسەر و شاعیرێکی سەر بە ڕێبازی «ریالیزمی سۆسیالیستی» بوون، وەک مەکسیم گۆرکی، مەحموود دەروێش، محەمەد ماغۆت و هاووێنەی ئەمانە، چیرۆکنووس و شاعیری کوردی ناچار دەکرد کە هاوشێوەی ئەوانە بنووسن. بە کورتی ئەگەر هەر دەقێک لە دەرەوەی ئەو قالبە مینا خشتبرییە، «ریالیزمی سۆسیالیستی»یە نەبووایە، ئەوە بە دەقێکی «بۆرژوازیی» و «هەژاران» لە قالبدەدرا و لەبەر چاوی خوێنەردا خوێنتاڵ دەکرا. چونکە ڕەخنەگری ئەوکات ئیشی ئەوە بوو کە قسە لەسەر «شێوە و نێوەرۆک»، «شۆڕگێریی و شۆڕشی کرێکاران»، «خەونی سۆسیالیزم» و ... بکا.

پاشان ڕەخنەگرانی کوردی، کە بریتین لە خودی سیاسیی، شاعیر، ڕۆماننوس...، دوای نەوەدەکانەوە ئێمەی فێری مۆدەیەکی دیکە کردووە، ئەویش ئەوەیە: ئەگەر تۆ بخوازی ببیتە چیرۆکنووس، ڕۆماننووس و شاعیرێکی بە هەرمێن، دەبێ بۆ نموونە، وەک گارسیا مارکیز، سەلمان ڕوشدی، بۆرخیس، کافکا، ئەدۆنیس، سۆهراب سپێهری، فروغی فروخزاد و ... بنووسی. بۆیە ئیتر زۆرینەی ڕۆمان چیرۆک، شیعری ئەو قۆناغەی ئێمە بریتین لە کۆپیکردن و لاساییکردنەوەی ئەو تەرزە نووسەرانە. ئەو شێوازەش بریتییە لەوەی کە ئەو دەقە دەبێ سیخناخ بێت بە «خەیاڵبازی»، «ئەفساندنی واقیع»، «زمانی شیعرییەت»، «ئەشقبازی» و ... جا ئەو مۆدەیەش، هەتا گەردەلوولێک لە زمانی باڵادەستانەوە مۆدەیەکی دیکەمان بۆ نەهێنێ، بازاری گەرمە. بە کورتی ڕەخنەگری ئێمە، وەک ماموٚستایەکانمان، خەریکی ئەوەن کە نووسەر لە بچمی خۆیاندا بسازێنن. لێرەدا، بۆ ئەوەی سادەتر ڕەنگدانەوەی ئەو ڕەوتارە خەمهێنەرەی ڕەخنەگری کورد تێبگەین، ئاماژە بە نموونەیەکی عەنتیکە لەو پێرە خوێنەرەدا دەکەین. جارێکیان یەکێک لەو ئەدەبییە لاوانەی کە کە شاگردی ئەو دیاردەیە ناوبراوەیە و لە وڵاتێکی ڕۆژئاواییشدا دەژی، دەیویست بە تۆبزی منی نیشمەنی سوێد ڕازی بکا، کە شیعرەکانی یەکێک لەو ئەدیبانەی کە لای ئەو کورد «داهێنەر»ی وای هەرگیز نەبووە و نابێت، دەقەکانیشی لە «جیهانی»یش جیهانیترە، ئێستا شیعرەکانی لە «مەنهەجی خوێندن»ی خوێندگایەکانی سوێد دەخوێنرێن. لەوەش زیاتر، کە ماموٚستا خوێندکاران دهڵێن ئەو ئەدیبە لە «ئاستی خەڵاتی نۆبل»دایە! گوتم کاکە بە جۆرێک ئەو قسە جەڵەبیانە پێوەنێ کە مرۆ بێزی لە نووسین نەبێتەوە. هەر چۆنێک بێت، کێشە لەوەیە، کە بێسوودە تۆ ڕەخنە لەو وەهمە کووشندەی ئەو تەرزە نووسەر و خوێنەرە گۆترە بێژە و دەروێشە بگری، چونکە، وەک پاشکۆیەکانی ئەو حیزبانە، بە «ئیرەیی»، «خائین»؛ قسەگەلێکی قالبدراو تۆمەتبار دەکرێی. ئایا ئەوە نەگبەتی نییە، کە ئەو ڕەخنەگرە پێرگەرە سازاندوویەتی؟ هەڵبەتە باسکردنی نەریتی پەروەردەکردن لە بواری خوێندن و ڕۆشنبیریی کورد، بابەتێکی بەهادارە، وەلێ ئەم وتارە بواری ئەوەی نییە، هەوڵدەدەین، بە گوێرەی کات و توانامان، لە دەرفەتێکی دیکەدا ئەو بوارەش بەسەر بکەینەوە.

> **بە کورتی ڕەخنەگری ئێمە، وەک ماموٚستایەکانمان، خەریکی ئەوەن کە نووسەر لە بچمی خۆیاندا بسازێنن**

لێرەوە ڕەخنەگر ئەو کەسە نییە کە دەبێ لە ڕەخنەکەیدا وتەگەلێک لەم و لەو نووسەرە بیانییە ناسراوانە نمایشبکا ، بهڵکوو ڕەخنەگر دەبێ هەڵگری خەسڵەتی پەروەردەی ئازادی، چێژی جوانناسییەکی بەرهەمهێن بێت، هانی خوێنەر بدا خۆی بهزرێ. بە کورتی ڕەخنەگر دەبێ ڕۆشنگەرێکی مەیل وروووژێن و پەرۆشخۆر بێت. دەبێ شارەزای کارەکەی خۆی بێت، دەبێ پسپۆر بێت، مەبەستیش لەمە، تەنیا «دەرچووی زانکۆ» نییە. لێ مرۆ چۆن دەتوانێ لە پسپۆریش پسپۆرتر بێت؟ بەڵێ، ئەو مرۆیە دەبێ لە خاوەن پیشەیەکی تەسکبین و باو، کاراتر و کارامەتر بێت. ئەوکاتە توانستی ڕەخنەگر و داهێنەر بەرجەستە دەبێتەوە، کە توانی سنوورە دیاریکراوەکانی ببەزێنێ. ڕەخنەگر دەبێ وەک دۆکتۆرێکی خاوەن ئێتیک و بە ویژدان ئەو نەخۆشە سەختەی کە لەبەر دەستیدایە بە قسەی هێور و ڕێزدار بیلاوێنتەوە. بە هەمان شێوەش نووسەر کە بە گشتی کەسێکی هەستدارە، بۆیە دەبێ ڕەخنەگر ئەوەش لە زەین بگرێ. ڕەخنەگر دەبێ جوانناسانە، نەک بە پیاهەڵدانێکی تامسارد یان دژایەتییەکی خوێنتاڵەوە، دەقێک هەڵسەنگێنێ. بەمجۆرە، ئەگەر ڕەخنەگر بە شێوەیەکی هیدلیی، دادپەروەر و ڕاستگۆیانە ڕەخنەکەی نووسی، ئەوکاتە هەم نووسەر و هەمیش خوێنەر سوودمەند دەبێ.

لەو ڕوانگەیەوە ڕەخنەگری سەرڕاست، وەک نووسەر، خولیای هونەری خۆیەتی و بە ڕێگای ڕەخنەکانییەوە دەخوازێ بوونی خۆی دەرببرێ. ڕەخنەگر پێویست ناکا لە ڕەخنەکانیدا بە زارقەڵەباڵغیکردن لە چەمکەکان، قسەی لە قوتووکراوەوە خۆێنی خۆی تاڵ بکا و خوێنەر بێهوودە بکا. دیارە بوونی ڕەخنەگرێکی ئیدیالی لە زمانی کوردییدا، شتێکی ئاسان نییە. وەلێ لەو دۆخەدا دەبێ بەوەندە دڵخۆش بین کە دەمنادەم ڕەخنەیەکی باش، ئەو ڕەخنەی کە هەڵگری گەمەی جوانناسییەکی خەملیوو و ڕۆچوونێکی کارایە بەناو دەقدا، بخوێنینەوە. ئەو ڕەخنەگرە هەست و ویژدان فەرامۆش ناکا، کە ئەو لەبەرانبەر خوێنەردا بەرپرسیارە کە دادپەروەر و بە ئەمەک بێ، تاکوو خوێنەر بڕوای پێ بکا. بەمجۆرە ڕەخنەگر دەبێتە ئەو بەرپرسیارە دڵسۆزەی کە لە ئەرکە ئەدەبییەکەیدا بەرتیلخۆریی و گەندهڵی ڕەتدەکاتەوە. لێرەوە دەبێ ئیمەی خوێنەریش هانی گەشەکردنی ئەو چەشنە ڕەخنەگرە بدەین. تاکوو بواری ئەدەبیشمان، وەک بواری سیاسی، دانەهێزرێ، بە گەندەڵی ئەو نەوەیە گۆش نەکا.

بە دیوێکی دیکەش، هۆشیاری لەوەدایە کە خەڵکی گشتی خۆی فێر ئەوە بکا، دوور لە ناساندنە باش یان خراپەکانی ئەو ڕەخنەگرە خاوەن «ڕێسێپت»، قالبە ئازادانە کتێبی باش بخوێنێتەوە.

لێ دواجار، ئاخۆ ئەوە قەدەری نووسەر و ڕەخنەگری کوردە، کە هەتا هاتایێ پاشکۆی ئەو مۆدە ئەدەبیی و ڕەخنەییانە بێت، کەلە عارەبیی و فارسییەوە ئاوەز و ژیانمان دەتەننەوە؟ ئەرێ ئەوە قەدەری کوردە، بواری ڕۆشنبیرییشمان، وەک بواری سیاسی، پشت لە کۆمەڵگا و ئاییندەوە خەریکی قۆرخکردنی سەکۆیە ڕۆشنبیریی، ڕەخنەی بەرتیلخۆریی، دوژێن و پیاهەڵدەریی؛ گەندە لاندنی زمان بێت؟

زستانی ٢٠٠٧-
ستۆکهۆلم